# من له لای کانیاوەکەم -حەوزەکەم- بۆ ئەوەی ببینم کێ له ئێوە دێت بۆ لام، خەڵکانێک ڕێگریان لێدەکرێت بگەنە لای من، دەڵێم: ئەی پەروەردگار شوێنکەوتووی منن وله ئومەتەکەی منن

له ئەسمائی کچی ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «من له لای کانیاوەکەم -حەوزەکەم- بۆ ئەوەی ببینم کێ له ئێوە دێت بۆ لام، خەڵکانێک ڕێگریان لێدەکرێت بگەنە لای من، دەڵێم: ئەی پەروەردگار شوێنکەوتووی منن وله ئومەتەکەی منن، دەووترێت: ئایا دەزانیت له پاش تۆ چیان (کردووە؟ والله بەردەوام دەگەڕێنەوە لەسەر پاژنەی پێیان (هەڵدەگەڕێنەوە:مورتەد دەبن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لەڕۆژی قیامەتدا لەسەر کانیاوەکەی دەبێت بۆئەوەی چاوەڕوانی ئەوانە بێت کە دێن له ئومەتەکەی بۆ لای ئەو لەسەر کانیاوەکە، وخەڵکانێک ڕێگریان لێدەکرێت بچن بۆ لای کاتێک نزیک دەبنەوە لێی -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش دەفەرموێت: ئەی پەروەردگار شوێنکەوتووی منن وله ئومەتی منن، دەوترێت: ئایا زانیت چیان کرد لەپاش ئەوەی تۆ جێت هێشت، والله ئەوان بەردەوام بەرەو دوواوە دەڕۆشتن وهەڵدەگەڕانەوە لەئاینەکەیان، نە ئەوان شوێنکەوتووی تۆن، ونە له ئومەتی تۆن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65031

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee